http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.34

# جیاوكی دارسی و هەڵكۆڵین لە چیا سورخ
# یەكەمین چاڵە نەوتییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست

**خالد محمود كريم**

**زانكۆی گەرمیان-كۆلیجی پەروەدەی بنەڕەت-بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان**

## پوختەی لێكۆڵینەوە:

لەگەڵ بڵاوبوونەی لێكۆڵینەوە جوگرافییەكانی ژاك دەمۆرگان- زاناو شوێنەوارناسی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٩٢ز. ناوی "چیا سورخ" وەك بەشێك لەو پشتێنەیەی، كە ژێر زەمینەكەی سامانێكی زۆری نەوتیی لەخۆدەگرێت، دەچێتە ناو نەخشەو پلانی ئەو هێزو لایەنانەی دەیانەوێت بەهەر چەشنێك بێت سوودی لێوەربگیرێ. لەگەڵ بەدەستهێنانی ولیەم نۆكس دارسی سەرمایەداری بەریتانیدا بۆ جیاوكی نەوتی ئێران، لە ساڵی ١٩٠١ز، ئەو گروپەی كە دارسی پێكیهێنا بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكەی ڕاستەوخۆ لە چیا سورخ-وە كاری هەڵكۆڵین و دۆزینەوەی نەوت دەستپێكرد. ئیدی بەم چەشنە ئەم ناوچە چەپ و لاتەریكەی گەرمەسێر، دەبێتە یەكەمین گۆڕەپانی هەڵكۆڵین و دۆزینەوەی نەوت و یەكەمین شوێنی بەریەككەوتن لەگەڵ تیمێكی ئەوروپیدا. ئەم توێژینەوەیە تەرخانە بۆ چیرۆكی بەدەستهێنانی جیاوكی دارسی و بەسەرهاتەكانی ئەو تیمەی دارسی و هاوكارەكانی بۆ كاری هەڵكۆڵین پێكیانهێنا لە ناوچەی چیا سورخ، هەر لە سەرەتای هاتنەوە تا دەگاتە نائومێدبوون و دەستهەڵگرتن لە كاری گەڕان و هەڵكۆڵین، پاش نزیكەی دوو ساڵ كاركردن لە ناوچەكەدا.

## دەستپێك

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە، گەڕان بەدوای نەوت گەشەسەندنێكی خێرای بەخۆیەوە بینی، چونكە بایەخ و ڕۆڵی وەك كەرەستەیەكی ئابووری و بایۆلۆجی بەتەواوی بۆ وڵاتە پیشەسازییەكان ئاشكرابوو، هەڵبەتە سەرهەڵدان و گەشەپێدانی هونەری هەڵكۆڵین و دەرهێنان و پاڵاوتن و گواستنەوەو دابەشكردنی نەوت و دەركەوتنی كۆمپانیا مەزنەكان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لەم بوارەدا.

لەسەر ئاستی ئەوروپا، ڕۆمانیا یەكەم وڵات بوو كە لە ساڵی ١٨٥٧ز نەوتی بەرهەمهێنا، نەوت بەشێوەیەكی بازرگانی لە پاش دوو ساڵ لەو مێژووە، لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا (لە پەنسلڤانیا) دەركەوت، لەوێ یەكەم بیرە نەوت بە قوڵایی (٢١) متر لێدرا. لەو ساتە بەدوا ئیتر بەرهەم و بەكارهێنانی نەوت ساڵ لە دوای ساڵ بەرزتر دەبووەوە، لە ڕوسیاش نەوت بەشێوەیەكی بازرگانی لە ساڵی ١٨٧٢ز دەستپێكردووەو لە ساڵی ١٨٨٥ز توانرا نەوت ڕەوانەی بازاڕەكانی ئەوروپا بكرێت.

بەكارهێنانە جۆراوجۆرەكانی نەوت، بەتایبەتی پاش پەرەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم، چی وەك وزەیەك یان وەك هەوێنی گەلێك كرداری كیمیاگەر، بووە پاڵنەرێكی بەهێز تا سەرمایەگوزارەكانی

لەمەڕ وڵاتە پیشەسازەکان کۆششەکانیان بۆ دەستکەوتن و دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی ئەم کەرەستە گرنگەو وەبەرهێنان تیایدا چڕتر بکەونەوە.

هەر لەو ساڵانەدا بوو بەریتانیا لە ڕێگای سەرمایەگوزارەکانییەوە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی جیاوکی نەوت و بوارەکانی تر لە ئێران دەستپێکرد، بەجۆرێك تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، چەند ڕێکەوتنێکیان لەبارەی پشکنین و گەڕان بەدوای نەوت لەگەڵ شای ئەو وڵاتەدا واژووکرد، بەڵام سوودو قازا نجێکی ئەوتۆیان لێبەدەستنەهێنا.

نەوتی باشووری کوردستان-یش بەگشتی، لە سەردەمانێکی زووی سەدەی هەژدەهەم و دواترەوە، لەنێو ڕا پۆرت و نوسینی گەڕیدە ئەوروپییەکاندا شوێنی شیاوی خۆی دەگرێت و وەك سامانێکی گرنگ دونیای دەرەوەی لێئاگادارەدەکرێتەوە. تا گەیشتە ئەوەی سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم-١٨٧٦-١٩٠٩ز. بەفەرمانێکی شاهانە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، جیاوك و دۆزینەوەی نەوتی ناوچەکانی باشووری کوردستانی کردە گە نجینەو موڵکی تایبەتی خۆی.

چیا سورخ-یش، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای خانەقین و ناوچەیەکی سنووری جێناکۆك بووە لەنێوان دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا، تا بەگوێرەی "پرۆتۆکۆلی ئەستانە" لە ساڵی ١٩١٣ز لە بەرژەوەندی عوسمانییەکان چارەنووسی یەکلای کرایەوە. هەر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە نەوتی ئەم ناوچە سەرنجی (لفتوس) کە وەك پسپۆری زانستی یاوەری کۆمیسیۆنی سنووری عوسمانی-ئێرانی کردووە ڕاکێشاوە. دوابەدوای ئەویش لە سەرەتاکانی دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە، ژاك دومورگانی فەرەنسی، وەك لەناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەدا ئاماژەی بۆ دەکەین، سەرنجی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بۆ نەوتی چیا سورخ و ئەگەرەکانی سوودلێوەرگتنی بۆ ئابووری ئێران ڕاکیشاوە. ئەوەبوو زۆری پێنەچوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئیتر چیا سورخ وەك ناوچەیەکی چەپ و لاتەریکی ناوچەی گەرمەسێر، بووە یەکەمین گۆڕەپانی تاقیکردنەوەو بەریەککەوتن لەگەڵ تیمێکی هەڵکۆڵینی بیانیدا. چیرۆك و بەسەرهاتەکانی ئەم تیمە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوە پێکدێنێت، کە لە دەستپێکێك و ئەنجام و چوار باسدا جێکراوەتەوە. لە باسی یەکەمدا تیشك خراوەتەسەر پرۆسەی وەرگرتنی دارسی بۆ جیاوکی نەوتی ئێران و کاریگەرییەکانی، باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ دەستنیشانکردنی چیا سورخ بۆ کاری هەڵکۆڵین و هێنانی ئامێرو کەرەستەکان و ئیدارەدانی کامپی کرێکارەکان، لە باسی سێیەمیشدا پرۆسەی دەسپێکردنی هەڵکۆڵین و کێشەو گرفتەکانی تیمەکە کراوەتە ئاما نجی قسە لەسەرکردن، هەرچی باسی چوارەمە ئەوا تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر نائومێدبوون و بڕیاری داخستنی چاڵە نەوتییەکان و هۆکارەکانی.

## باسی یەکەم: دارسی و بەدەستهێنانی جیاوکی نەوت لە ئێران*

کاتێك زاناو شوێنەوارناسی فەرەنسی ژاك دمۆرگان- Jacque Marie De Morgan ، لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکانیدا، لە ساڵی (١٨٩٢ز)، دەربارەی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای ئێران، ئاماژەی بۆ بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە سامانی نەوت کرد، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە نێوان کەرکووك و پشتکۆە، لەوانە چیا سورخ**، لە باکووری ڕۆژئاوای خانەقین.(١) ئیدی زۆری پێنەچوو مەسەلەی سوودوەرگرتن لەم سامانە کانزاییە بووە جێی باس و خواسی لایەنە نێوخۆیی و بیانییەکان. سەرەتا ژاك دمۆرگان کەسێکی فەرەنسی بەناوی (ئیدوارد کوت-Edward Cott )ی ئاگادارکردەوە، پێکەوەش لەگەڵ (ئەنتوان کیتابچی خان)ی ئەرمەنی کە سەرۆکی باج و گومرگی ئێران بوو، دەربارەی

ئەم مەسەلە قسەیانكرد، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجامێك، چونكە سەرمایەی پێویستیان لەبەردەستدا نەبوو، بەتایبەت كە وەبەرهێنان لە بواری نەوتدا پێویستی بە سامانێكی زۆری دارایی هەبوو.(٢)

كیتابچی خان، لە ساڵی ١٩٠٠ز، لە چوارچێوەی پێشانگای نێودەوڵەتی پاریسدا، هەوڵیدا سەرنجی سەرمایەدارانی فەرەنسی بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت لە ئێران ڕابكێشێت، سەرەتا بەرامبەر بە پانزە هەزار جونەیهی ئوستەرلینی جیاوكەكەی بۆ (كاۆست سەركیس كۆڵبێنكیان)***ی گەورە نێوانكاری بواری نەوتی پێشنیاركرد، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونی بەنەوتی عێراقەوە ڕەتیكردەوە. لە كۆتاییدا بەهاوكاری (هنری درومۆند وۆڵف- Henry Drummond Wolf)ی باڵوێزی پێشووی بەریتانیا لە وڵاتی ئێران، كەسایەتی (ولیەم نۆكس دارسی)**** ناسی(٣)، كە سەرباری نەهاتنی بۆ ئەم ناوچە، بەڵام بە"باوكی تێكڕای پیشەسازی نەوت دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"دا، كە پێدەچێت ئەم نەبوایە، وەبەرهێنانی نەوت لەم ناوچەیە نەوەیەك دوابكەوتایە.(٤)

دارسی، چی لە ڕێگای سەرچاوە مێژووییەكانەوە، یان ئەو ڕاپۆرتانەی ژان دمۆرگان، لە گۆڤاری (كانزاكان- Les Anales Mines)دا، لە ساڵی ١٨٩٢ز بڵاویكردبوونەوە، زانیاری باشی دەربارەی بوونی نەوت لەو ناوچە كوردیانەی كەوتبوونە سنووری هەردوو دەوڵەتی قاجارو عوسمانی هەبوو.(٥) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نیسانی ساڵی ١٩٠١دا، دوو جیولۆجیستی بەناوەكانی (چ.ت. بورلز-H.T. Burls)و (دبلیو.چ. دالتون- W.H. Dalton) ڕەوانەی ئێران كرد، بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوەی ورد دەربارەی بوونی نەوت، بەتایبەت لە ناوچەی چیا سورخ و شوشتەر بكەن، دواتر ئەنجامی ئومێدبەخشانەی لێكۆڵینەوەكانیان لەلایەن (بورلس)ەوە، لە ڕاپۆرتێكدا بەناونیشانی "سەبارەت بە مەیدانی نەوتی چیا سورخ" بڵاوكرایەوە.(٦)

لە كۆتاییدا دارسی بڕیاریدا جیاوكی نەوتی ئێران وەدەستبێنێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٦ی نیسانی ١٩٠١ز.دا، (ئەلفرید ماریۆت-Alfred M. Marriot )ی نوێنەری خۆی، بەیاوەری هەر یەك لە ئیدوارد كوت و كیتابچی خان هەنارد بۆ تەهران، دوای چەند مانگێ لە گفتوگۆكردن، ماریۆت لە ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٩٠١ز.دا، وەك بریكارو بەڕێوبەری كارەكانی دارسی، جیاوكێكی شەست ساڵەی لەگەڵ شای قاجاردا واژووكرد.(٧) تەنها شتێك كە بەربەستبوو لە بەردەم گفتوگۆكاندا نارەزایەتییەكانی ڕووسیا بوو، چونكە جیاوكی ئابووری جۆراجۆری لە ناوچەكانی باكوور لە وڵاتی ئێران بەدەستهێنابوو، ئەو ناوچانەش بریتیبوون لە پێنج هەرێمی باكووری ئێران، لەسەر سنووری ڕوسیا، ئەوانیش هەرێمەكانی:(ئازربایجان، گەیلان، مازندەران، خۆراسان، ئەستراباد-گورگان) بوون، شای قاجار ئەم ناوچانەی لە جیاوكەكە دوورخستەوە.(٨)

جیاوكەكە ماف و ئازادی ڕەهای بە دارسی بەخشی، لە بواری نەوت و گازی سرووشتی و هەندێ كانزای تردا، لە ڕووبەری (٧٧٠/٠٠٠) هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشە، كە دەیكردە چوار لەسەر پێنچی خاكی ئێران، گەڕان، پشكنین، هەڵكەندن، گواستنەوەو فرۆشتن ئەنجام بدات. ئەم ڕووبەرەش دەیكردە ڕووبەری وڵاتانی "فەرەنسا، سویسرا، بەلجیكا، لۆكسمبۆرگ و هۆڵەندا" پێكەوە، یان كەمێك لە ڕووبەری تەكساس زیاتر.(٩)

هەروەها لەم جیاوكەدا ماف بە دارسی درا، لە ماوەی دوو ساڵدا كۆمپانیایەك یان زیاتر پێكبهێنێت، بە مەرجێك دەوڵەتی ئێران لە ڕێ و شوێن و یاساكانی ئاگاداربكرێتەوە، بەگوێرەی خاڵی دووەمیش: خاوەن ماف دەتوانێت بۆری نەوت بەتەواوی ناوچەكانی ئێراندا بۆ كەنارەكانی باشوور ڕابكێشێت. لە خاڵی سێیەمیشدا، حكومەتی ئێران قایلبوو زەوی و زاری حكومەت و خەڵكی بەنرخێكی گونجاو بخاتە خزمەت خاوەن مافەوە، هەروەها زەوی و زاری

كۆمپانیای نەوتەكەو بەرهەمەكەی و ئامێری پشكنین و دۆزینەوەو دەرهێنان و ڕاكێشانی نەوت، لە باج و رسوومات ببەخشێت(١٠)

ئەم مافە بەرامبەر لە سەدا شانزەی پوختەی قازانجی ساڵانە بوو، كە بدرێت بە گەنجینەی ئێران، پاش مانگێكیش لە دامەزراندنی ئەو كۆمپانیایەی، كە هەڵدەستێت بە وەبەرهێنانی جیاوكەكە، بڕی بیست هەزار جونەیهی ئیستەرلینی كاش(نقد) و بیست هەزار پشكێكیش، كە نرخی هەر پشكێكی یەك جونەیهی ئیستەرلینی بوو دەستلێهەڵبگرێت بۆ وڵاتی ئێران.(١١)

وەدەستهێنانی جیاوكی نەوتی ئێران لەلایەن دارسی-یەوە، لەنێو كۆمپانیا نەوتییەكانی ئەو ڕۆژگارەدا دەنگدانەوەیەكی گەورەی هەبوو، نوێنەری كۆمپانیا ئەمریكی و هۆڵەندی و ئینگلیزییەكان، بۆ بەشداریكردن لەم جیاوكە هەوڵەكانی خۆیان چڕكردەوە،(١٢) حكومەتی بەریتانیا ئەوەی ڕاگەیاند، كە هیچ دەستوەردانێكی لە بەدەستهێنانی ئەم جیاوكەدا نەكردووە، بەڵام وتەو نوسینەكانی دیپلۆماتكارە بەریتانییەكان ئەم بانگەشە پووچەڵدەكاتەوە، بۆ نموونە كاتێك ڕێكەوتنی دارسی ئیمزا كرا، نێوبراو بەم جۆرە بۆ لۆرد لنسداون-ی نوسی: "ئامادەم بە گەرمو گوڕترین شێوە سوپاسگوزارتان بم، بەهۆی ئەو خزمەتەی پێشكەشتان كردم، من هیوادارم ئەم سەرمایەگوزارییە لە بەرژەوەندی بازرگانی بەریتانیاو پێگەو ڕۆڵی بەریتانیا بێت لە ئێران"(١٣) هەرواش دەرچوو، چونكە جیاوكەكە بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەكانی ئیمپراتۆریای بەریتانی لە وڵاتی ئێراندا جێگیركرد، لەڕووی كردارەكیشەوە ئێرانی خستە ژێرباری ویسایەتی بەریتانیا. كە ئاكام كاریگەری قورسی لەسەر مێژووی ئابووری و سیاسی ئێران جێهێشت و زەمینەی خۆشكرد بۆ ڕێكەوتنی ئابی ١٩٠٧ز. نێوان ڕوسیاو بەریتانیا.(١٤)

زۆری پێنەچوو، بۆ ساڵی دواتر(١٩٠١ز)، دارسی جارێكی تر (ئەلفرید ماریۆت)ی كردە نوێنەری خۆی و ڕەوانەی ئەستەنبوڵ-ی كرد، بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی، بەئومێدی وەرگرتنی جیاوكی نەوتی هەردوو ویلایەتی موسڵ و بەغداد، كە سەرجەم ناوچەكانی كوردستانی باشوور دەكەوێتە نێو سنوورەكانی ئەم دوو ویلایەتەی عوسمانییەوە. بەتایبەت لەو ڕۆژگارەدا لێكۆڵینەكان ئەوەیان دەخستەڕوو، كە نەوتی هەردوو دیوی ئێران و عوسمانی یەك پێكهاتەی جیۆلۆجیان هەیەو دەكەونە سەر پشتێنەیەكی نەوتی. بەڵام لە كۆتایدا ئەم هەوڵەی دارسی و هەوڵەكانی ساڵانی دواتریشی، بەهۆی هەژموونی ئەڵمانیاوە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی سەرینەگرت.(١٥) بەتایبەت كە لەو ماوەدا سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٧٦-١٩٠٩ز) مۆڵەتی بە گروپێكی زانستی و ڕۆژنامەوانی ئەڵمانی دابوو، كە توێژینەوەی مەیدانی ورد لەسەر نەوتی ناوچەكانی میسۆپۆتامیا بكەن، كە ئاكام لە ڕاپۆرتێكی فراواندا، ئاماژە بۆ بوونی بڕێكی زۆر نەوت و گازی سروشتی و كانزای تر دەكەن لەم ناوچەیەو تەنانەت وەك دەریاچەیەكی ڕاستەقینەی نەوت وەسفی دەكەن.(١٦)

هەروەها جیاوكی دارسی وێڕای ئەوەی بووە بنچینەیەكی خراپ بۆ سەرجەمی ئەو جیاوكانەی، لە ساڵانی دواتردا لە ناوچەكە مۆركران.(١٧) بەدیویكی تریشدا بووە دەستپێكی گەڕان و پشكنین و هەڵكۆڵینی نەوت نەك تەنها لە كوردستاندا، بەڵكو لە تەواوی ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. كە مەڵبەندی زۆربەی نەوتی جیهانە. بەم چەشنە لە ساڵانی داهاتوودا چەقی قورسایی كێبڕكێ ئابووری و سیاسیەكان لەنێوان وڵاتە ڕۆژئاواییەكاندا گواسترایەوە بۆ ئەم ناوچەیە. ئەمەش بەڕوونی لە سەرجەمی ئەو ڕێكەوتن و پرۆتۆكۆل و پەیماننامە ئاشكراو نهێنیانەدا ڕەنگیداوەتەوە، كە پەیوەندییان بە ناوچەكەوە هەیە. لەوانە ڕێكەوتنی ساڵی ١٩٠٧ز. نێوان ڕووسیاو بەریتانیا بۆ دابەشكردنی ئێران و

پرۆتۆكۆلی ساڵی ١٩١٣ز. نێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجارەكان، بە سەرپەرشتی بەریتانیاو ڕوسیا، لەوانەش گرنگتر پەیماننامەی نهێنی سایكس بیكۆ-یە لە ساڵی ١٩١٦ز. كە دریژەپێدانی هەوڵەكانی وڵاتە ڕۆژئاواییەكانە، بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ڕەوشی سیاسی كوردستان و ناوچەكە بەگشتی، بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بڕی قازانج و بەرژەوەندی.

## باسی دووەم: هێنانی ئامێرەكان و بەڕێوەبردنی كامپی كارمەندەكان

پاش مۆركردنی جیاوكەكەو هەنگاو هەڵگرتن بۆ پراكتیزەكردنی ناوەرۆكەكەی، سەبارەت بەدەستنیشانكردنی ئەو شوێنەی، كە دەبوو تیایدا دەست بەكاری هەڵكۆڵین بكرێت، جۆرێك لە جیاوازی دروستبوو، بەگوێرەی ڕا پۆرتەكەی بورڵس-ی جیۆلۆجیست، كە دارسی ناردبووی بۆ ئێران، بۆ لێكۆڵینەوەی ورد لەوبارەوە، نەوت لە دوو ناوچەی چەند كیلۆمەتری لەیەك دوور هەیە، شوێنێكیان كەوتۆتە چیا سورخ، لە باكووری ڕۆژئاوای قەسری شیرین، ئەویتریان كەوتۆتە دەوروبەری مەیدانی نەفتوون ( دواتر بە مەسجد سلێمان دەناسرێت )ی سەر بە شارۆچكەی شووشتەر، بەگوێرەی كیتابچی خانیش، ئەمەی دواییان دەتوانرێت بەئاسانی بیری لێبدرێت و نەوتی لێدەربهێنرێت.( ١٨ )

دارسی پاش ئیمزاكردنی جیاوكەكە، یەكێك لە جیۆلۆجیستە هەڵكەوتووەكان بەناوی جۆرج برنارد ڕینۆڵدز( ١٨٥٣-١٩٢٥ز)-G.B.Reynolds ی وەك سەرۆكی تیمی كاری هەڵكۆڵین دەستنیشانكرد، كە ئەندازیارێكی پەنجا ساڵەی پۆڵۆنی بوو، ئەزموونی لە بواری هەڵكۆڵیندا لە سۆماترە بەدەستهێنابوو، پێشتریش لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری گشتی لە هیندستان كاریكردبوو، لەگەڵ داب و نەریتی خەڵكی ڕۆژهەڵات ئاشنابوو، كەمێك شارەزایی لە زمانی فارسیشدا هەبوو، كەسێكی كۆششكارو بە ووره بوو، نائومێدی و بێهیوای، هیچكات نەیدەتوانی ببێتە هۆی تێكشكانی ئازایەتییەكانی ئەم ئەندازیارە( ١٩ )، كە پێدەچێت ئەم تایبە تمەندیانەی هۆكارێكی گرنگ بووبن تا دارسی هەڵیبژێرێت بۆ سەرۆكایەتی تیمی هەڵكۆڵین لە چیا سورخ.

ڕینۆڵدز لە ١٠ی ئەیلولی ساڵی ١٩٠١ز. گەیشتە تاران، بۆ ماوەی دوو هەفتە مایەوە، لەو ماوەدا گوێی لە قسەكانی كیتابچی خان گرت، كە هەوڵیدا بۆچوونی لەبارەی دەستنیشانكردنی چیا سورخ وەكو خاڵی دەستپێكی پرۆسەی هەڵكۆڵین بگۆڕێت، لە بری ئەوە هەنگاوەكانی لە شوشتەر دەستپێبكات، بەڵام بەقسەی نەكرد.( ٢٠ ) بەهەرحاڵ لە كۆتایدا بڕیاریدا لە چیا سورخ دەست بەكاری هەڵكۆڵین بكرێت. پێدەچێت ئەم هەڵبژاردنە لە ژێر كارتێكردنی ئەو زانیارانەدا بێ، كە لە هەر یەك لە ژاك دومورگان و بورلز و دالتون وەریگرتبوو، دەربارەی بوونی نەوت لەو ناوچەیە.

ڕینۆڵدز كە تارانی بەجێهێشت و گەیشتە كرماشان، لەوێ بەیاوەری یەكێك لە پیاوەكانی عەزیزخان-ی سەرۆك خێڵی جومور-*، بەناوی "بەرات عەلی"، بەرەو سەرپێڵی زەهاو كەوتە ڕێ،لە ڕێگا وێڕای نووسینەوەی سەرنج و تێبینیەكانی، لە ڕێگەی وەرگێرەكەیەوە كەوتە سۆراخكردنی چیا سورخ و سەرچاوە نەوتییەكان، لە كاتی گەیشتنیشی بە چیا سورخ خەڵكی بینیوە، سوودیان لە سەرچاوەكانی ئەو نەوتە ڕەشە وەردەگرت، كە لەخۆوە هەڵقوڵاوە.( ٢١ )

بەڵام ڕینۆڵدز دەبوو پێش ئەوەی لە چیا سورخ جێگیربێت، خەمی هێنانی كەرەستەو ئامێرەكانی هەڵكۆڵین بخوات، چونكە هەموو ئامێرەكانی هەڵكۆڵین و پێداویستییەكانی دیكەی تیمەكەی، كە لە بەریتانیاوە، بەڕێگەی دەریادا دەهێنرایە بەسرە، دەبوو خودی ڕینۆڵدز لەوێوە بیانهێنێت بۆ شاری بەغداد و پاشان خانەقین، تا دەیگەیاندە چیا سورخ، كە ناوچەیەكی سەخت و پڕ تاوێرو بەردبوو.( ٢٢ )

بەهەرحاڵ سەرباری ئەو تەنگ و چەڵەمانەی هاتنە ڕێگەی ڕینۆڵدز و یاوەرانی، لە گواستنەوەی ئامێرو کەلوپەلەکاندا، بێباوەڕی و گومانی خەڵکی ناوچەکەش، کێشەیەکی گەورەتری بۆ دروستکردن، هەروەها ڕێگریکردنی کارمەندانی دەوڵەتی عوسمانی و سەرانی عەشیرەتەکان لە کاروانەکەیان. کاربەدەستانی عوسمانی لە خانەقین ڕێگەیان بەئامێرو کەرەستەکانی ڕینۆڵدز نەدا بەسەر پردی ئەڵوەن-دا بڕوات بۆ چیا سورخ، چونکە داوای باجیان دەکرد، لە ڕۆژەکانی سەرەتادا ڕینۆڵدز زۆربەی کات سەرقاڵی گفتوگۆکردن بوو لەگەڵ سەرانی عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکە، ئەوان بەئاشکرا دەیانوت: "فەرمانی شا هیچ جۆرە گرنگی و بایەخێکی نییە، سەرانی عەشیرەتەکان شای سەرەکین"، پێویستە بۆ تێپەڕبوونی کەرەستەو ئامێرەکانی هەڵکۆڵین بەناو خاکی کورداندا ڕێژەیەك پارە بدرێت. ئەوەبوو لە کۆتایدا بە هاوکاری "عەزیز خان"ی جمور و "محمد کەریم خان"ی کەڵهوڕ، ئامێرو کەرەستەکان گەیەندرانە شوێنی مەبەست.(٢٣)

گروپی هاوکارەکانی ڕێنۆڵدز بریتیبوون، لە جێگرەکەی، کە ئەندازیارێکی ئەمریکایی بوو، بەناوی هیرام ڕۆزین پلانتەر-Hiram Rosen planter)، کە ئەزموونی هەڵکۆڵینی لە مەکسیك و تکساس دا هەبوو. دوو هەڵکۆڵەری کەنەدی، بەناوەکانی مك ناوتن (MC Naughton) و بوچانان(Buchanan)و ژمارەیەك هەڵکۆڵەری پۆڵۆنی و هەندێ کرێکاری باکۆیی، کە لە بیرە نەوتییەکانی ئازربایجان-دا کاریانکردبوو، هەروەها ڕوپێوێکی باکۆیی، دوو ڕاوێژکاری ئینگلیزی، پزیشکێکی هیندی، کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پزیشکیدا هەبوو، کۆمەڵێك چێشتلێنەرو خزمەتگوزارو پاسەوان کە بەزۆری کورد بوون(٢٤) و لە دوو کەپری تەنەکەدا دەژیان و لە هەموو تەمەنیاندا سەروکاریان لەگەڵ دەزگاو ئامێردا نەبوو. جێی ئاماژەیە (مك ناوتن)ی کەنەدی، تا دواهەمین ساتەکانی هەڵکۆڵین لە چیا سورخ دا مایەوە، چەندین جار لە ڕاپۆرتی هەواڵیی کۆمپانیادا لە لەندەن ستایش کرابوو، پێچەوانەی هەندێك لە کارمەندەکانی تر کە بێسفەتترین کارمەندانێك بوون، کە ڕینۆڵدز لە تەمەنی خۆیدا بینیبێتی.(٢٥)

هەڵبەتە ڕینۆڵدز بەحوکمی ئەزموونی پێشووتری لە بواری هەڵکۆڵین و دەرهێنانی نەوتدا، بەبۆچوونی فێرەر کۆمپانیاکەو هەموو کارەکانی هەڵکۆڵین، مەسەلەی ئاسایش، تەنانەت گفتوگۆ لەگەڵ خاوەن موڵکەکانی ناوچەکە،کە باجیان دەویست، پێشوازی لە بەرپرسە بالآکانی دەوڵەت، کە بۆ بینین و سەردانی دەرۆیشتن بۆ کامپەکە، دابینکردنی ئاوو سوتەمەنی، ڕێکخستنی کاروباری گواستنەوە، دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، ڕێکخستنی کامپی کارمەندەکان، دابینکردنی پێداویستییەکانی پاسەوانەکان، هەروەها ناوبژیوانیکرنی شەڕو هەرای خەڵکی ناوچەکەشی لە ئەستۆگرتبوو، لە ڕووی کارامەیی و تواناوە، هاوڕێ لەگەڵ ڕۆزن پلانتەری یاریدەدەریا، سەرکەوتووبوون و جێگەی ڕێزی هەموانیش بوون.(٢٦)

جێی ئاماژەیە دانان و لابردن و ئاڵوگۆڕکردنی کارمەندەکانی کامپەکە لەلایەن ئەندازیارەوە (کە ڕینۆڵدز بووە یان ڕۆزن پلانتەر) جێبەجێکراوە، دەستنیشانکردنی سرووشتی کارەکانیشیان هەر لەلایەن ئەوانەوە بووە، زۆرینەی ئەو کارمەندو کارگوزارانەش کە کاریان کردووە سەر بە وڵاتانی بیانی بوون، چونکە خەڵکی ناوچەکە لە توانایاندا نەبووە ئەو کارانە بکەن، بۆیە ناچار پەنایان بۆ خەڵکی بیانی بردووە.(٢٧)

پردی پەیوەندی کاروبارەکانی تیمی هەڵکۆڵین لە چیا سورخ و حکومەتی ئێران بە کتابچی خان سپێردرابوو، ئەو بەرپرس بوو لە ڕایکردنی کاروباری ئەندازیارەکان و تیمەکە بەگشتی، سەرباری ئەو گلەیی و گازندانەی لێی کراوە، بەلاّم خەڵکانی نیشتەجێی کرماشان بەرپرسیارێتی نێوبراویان بەپێویست زانیوە، کە لە پێشکەوتنی

هەنگاوەكانی كۆمپانیای نەوتەكەدا ڕۆڵی هەبووە، بۆیە خەڵكی چاوەڕوانی ئەوەبوون چاودێری تەواوی خۆی بخاتەگەڕو بەهۆی ئەو تواناو ئەزموونەی كە هەیەتی، ئاسایش و ئامرازەكانی كۆمپانیای نەوتەكە مسۆگەر بكات.( ٢٨ )

شازادە فەرمان فەرما-ی پارێزگاری كرمانشایش لای خۆیە چاودێری پرۆسەی پشكنین و گەڕان و هەڵكۆڵینی دەكردو بەردەوام لە ڕێگەی ناردنی خەڵكەوە بۆ بەدواداچوون ئاگاداری كارەكان بووەو پێشهات و زانیارییەكانی پێگەیشتووە.( ٢٩ ) وەك لە نوسین و ڕا پۆرتی سەرانی كامپەكەشدا دەردەكەوێت، خودی پارێزگار بۆ خۆیی، هاوڕێ لەگەڵ ئیمام جومعەو پیاوانی ئاینی ناوچەكەو دەسەلآتداران و كەسایەتییە ئاینییەكان، چێژیان لە سەردانی كامپەكەی چیا سورخ بینیوە و زۆریان حەز لە بەدەستهێنانی دیاری و ماددی بووە، بەتاییەت ئەگەر لەشێوەی پشكێكا بوایە لەلایەن كۆمپانیاكەوە، پێشوازیكردنیشیان ئەوەندە دووبارەبۆتەوە، چێشتخانەیەكی "محمد"ی -واتە ئیسلامی- بەجیا بۆ ئەو جۆرە سەركردە سەرەكییە بالآنە تەرخانكراوە.( ٣٠ ) وەك دەریشدەكەوێت ئەم سەردانانە دامەزراندنی كەس و خزمە نزیكەكانی بەرپرس و دەسەلآتدارەكانیشی لێكەوتۆتەوە.( ٣١ )

لەلایەكی تریشەوە بەهۆی ئەوەی كانزاكانی نەوت لە ناوچەی قۆرەتوودا بووە، هێزی پیادەو سوارەی عەزیزخان-ی جمور- ئەو ناوەی پاراستووە زۆرینەی كارمەندە خزمەتگوزارەكانی كامپەكەش پیاوی ئەو بوون، بەم هۆیەشەوە لە كارەكەدا بەشداربووەو ڕێژەیەك لە سوودو دەستكەوتی بەركەوتووە، وێڕای ئەو دەستكەوتانەش، عەزیز خان مووچەی چل كەسی لە دیوان وەرگرتووە، هەروەها باجی دەرەكیشی وەردەگرت، ئەمەش لە كۆتایدا نیگەرانی بەرپرسانی نەوت و گومرگی ناوچەكەی لێكەوتۆتەوە.( ٣٢ ) بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا كۆمپانیای نەوتی سەر بە دارسی لە چیا سورخ، پاش مردنی عەزیز خان، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٣ز.دا، لە نامەیەكدا ئەوەیان ڕاگەیاندووە، كە نێوبراو توانیویێتی ئاسانكاری و هاوكاری زۆریان پێشكەشبكات، ئەو خەڵكانەش لە شەڕوشۆڕی عەشیرەتە كوردەكان بپارێزێت، كە لە كامپەكەدا كاریانكردووە. هەر بۆیە كارگێڕی ناوچەكە دەیانەوێت یەكێك لە كوڕەكانی (كەریم خان) لە جێگەی دابنێن، تاكوو لە خزمەت ڕەوتی كارەكانی كۆمپانیای نەوت و پێشكەوتنی ئامانجەكانی دەوڵەت هەنگاوبنێن.( ٣٣ )

بەلآم وەك لە بەڵگەنامەیەكدا ڕووندەبێتەوە، پێدەچێت پاش مردنی عەزیز خان، هەڵس و كەوتەكانی كەریم خان، كە جێگەی باوكی گرتۆتەوە، بەدڵی كاربەدەستەكانی ناوچەكە نەبوووبێت، چونكە زۆری پێناچێت شێخ الملك-ی یاریدەدەری كتابچی خان زانیاری لەبارەی جوڵەو هەڵس و كەوتە (نەشیاوەكانی) كەریم خانەوە، بلآودەكاتەوەو داوا لە پارێزگاری كرمانشا دەكات، كەریم خان ناچار بەداوای لێبوردن بكات لە كیتابچی خان. بەلآم پێناچێ كەریم خان گوێی بە دەسەلآتدارانی ناوچەكە دابێت، چونكە بەردەوام بووە لەسەر ئەو هەڵس و كەوتانەی كە نیگەرانی كاربەدەستانی ناوچەكەی لێكەوتۆتەوە، لەم بارەشەوە نوسراوگەلێكی كارگێڕی زۆر هاوردو برد پێكراوە، تەنانەت كار گەیشتۆتە ئەوەی كاربەدەستانی ناوچەكە لەوە نیگەرانبن، كە ڕەنگە ئەگەر كەریم خان درێژە بە هەڵس و كەوتەكانی بدات، ئاسایش و ئارامی ناوچەكە تێكبدات و لەڕێگەی كۆمپانیا نەوتییەكەی چیا سورخەوە لە لەندەن سكالآ بۆ تاران بەرز بكرێتەوە.( ٣٤ ) دواجار پێدەچێت هەر ئەو ناكۆكیانە وایانكردبێت، كتابچی بیر لە زوو هێنانی هێزی بیانی بكاتەوە بۆ سنوورەكە( ٣٥ )، بڕوبیانووەكانیشی ئەوەبوون، كە پێدەچێت گوندنشینانی ناوچەكە بەتەواوی گوێڕایەڵی كەریم خان نەبن، ڕەنگە ئەو كات نەك هەر لە خاكی ئێران بڕۆنە دەرەوە، بەڵكو ببێتە هۆی نانەوەی پشێوی و ئاژاوەش لەو سەر سنوورانە.( ٣٦ )

## باسی سێیەم: دەستپێکردنی هەڵکۆڵین و سەرهەڵدانی گرفتەکان

سەربارى هەموو گرفتەكان، لە كاتى هێنانى ئامێرو كەرەستەكاندا بۆ چیا سورخ و پێكهێنانى تیمەكەدا، ڕینۆڵدز و هاوكارەكانى هەڵكۆڵینیان لەسەر زەوییەكى پان و بەرین دەستپێكرد، كە درێژییەكەی ٦,٤ كم و پانییەكەی ١,٦ كم بوو.( ٣٧ ) یەكەمین ڕاپۆرتى ئەو بۆ دەستپێكردنى زەوى هەڵكۆڵین، پاش زیاتر لە ساڵێك گەیشتنى بە چیا سورخ، بەدەست دارسى گەیشت، هۆكارەكانى ئەو درەنگ گەیشتنەی گەڕاندەوە بۆ درەنگ گەیشتنى كەرەستەكانى زەوى هەڵكۆڵین لە بەریتانیاوە و خراپى ڕێگاوبانەكانى ناوچەكە، هەروەها بۆ نەبوونى ئارامیى لەسەر سنوورەكان.( ٣٨ ) بەهەر حاڵ هەڵكەندنى بیرى ژمارە یەك لە چیا سورخ، لە ٨ ى تشرینى دووەمى ساڵى ١٩٠٢ز. دەستپێكرد.( ٣٩ )

ڕینۆڵدز كە سەرۆكى ئەندازیارى پرۆژەكەو جێبەجێكارى بووە، بەهۆی ئەوەی ناچاربووە بەبەردەوامى لەسەر سنوورى هەردوو دەوڵەتى عوسمانى و ئێرانى هاتوچۆبكات، هەر جارێك كە تێپەڕیوە داواى موڵەت و ناسنامەی لێكراوە، ئەمە بۆتە ڕێگر لە بەردەم ڕایكردنى كارەكانیدا. بەگوێرەی بڕگەكانى جیاوكى دارسى-ش دەبوو حكومەتى ئێران ئاسانكارى و هاوكارى ئەندامانى كۆمپانیاكە بكەن، بەم بۆنەوە كاربەدەستانى ناوچەكە داوادەكەن، كە ڕینۆڵدز و تیمەكەی لە كاتى هاتوچۆكردندا تا تەواوكردنى ئەم پرۆژەیە لە داواكردنى ناسنامە ببەخشرێن.( ٤٠ )

لە كاتى كاركردندا یەكەمین شتێك كە بووە هۆی نائومێدی، ئەوەبوو كە چاڵەكە گەیشتە خۆڵى سوور، بەڵام دواى چەند ڕۆژ گەیشتە خۆڵى سپى، كە دیسانەوە بووە مایەی ئومێدەوارى و پاش چوار پێنج ڕۆژ كاركردن و هەڵچوونى هەڵم لە چاڵەكەوە بەتەواى هیواى دەستراگەیشتنیان بە نەوت تیا دروستبووەوە.( ٤١ ) ڕینۆڵدز لە شوباتى ساڵى ١٩٠٣ز.دا، بۆ نوێكردنەوەی گرێبەستى ساڵانەی لەگەڵ دارسى گەڕایەوە بۆ لەندەن، لەم كاتەدا قوڵایى بیرەكەی گەیاندبووە ( ٩٠٠ )پێ. لە كاتى نەبوونیدا، ڕۆزن پلانتەر بەرپرسى كارەكان بوو، كە لە سەرەتاى كاركردنیدا كرێكارى پۆڵۆنى خستبووە سەر كار، بەڵام زۆر جار ئەم كرێكارانە بەبیانووى پشووى ئاینزایى كاتۆلیكییەوە نەدەهاتنە سەر كار، ئەمەش وایكرد، كە پلە بە پلە دەستبەرداریان بێت و كرێكارى كەنەدى و ئەمریكى لە جێگەیاندا دابمەزرێنێت.( ٤٢ )

ئەگەرچى شەوانە لە كاتى پشوودانیدا، بە مۆسیقا لێدان و گۆرانى و هەندێ یارى شەوانەوە خۆیان سەرقاڵدەكرد، بەڵام درەنگ دەركەوتنى نەوت، تا سەرەتاكانى مانگى ئەیلولى ساڵى ١٩٠٣ز. وایكرد نائومێدى ڕوو لە ستافى كارمەندان بكات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەندێ جار بە مەبەستى حەسانەوە كامپەكە بەجێبهێڵن و بڕۆن بۆ خانەقین و دەوروبەرى، پاشان دەگەڕانەوە و سەرلەنوێ دەستیان دەكردەوە بەكارى هەڵكۆڵین.( ٤٣ ) ئەم نائومێدییە دواجار وایكرد بیر لە جێهێشتنى چیا سورخ بكەنەوە، ئەوەبوو هەندێك لە كرێكارەكانیان نارد بۆ ناو زەوى و زارەكانى "محمد كەریم خانى كەڵهوڕ"، بۆ سۆراخكردنى نەوت، بەنیازبوون كە ئامێرێكى زەوى هەڵكۆڵین بگوێزنەوە بۆ گردى كەڵهوڕ و لەوێ هەڵكۆڵینى چاڵێكى نوێ دەستپێبكەن.( ٤٤ )

یەكێك لە كێشە گەورەكانى كارمەندەكان لە كامپى چیاسورخ، بریتیبوو لە گڕەو گەرماو تۆزى ناوچەكە، كە هیچ كامێكیان خۆیان بۆ ئامادە نەكردبوو، وەك لە ڕاپۆرت و ڕۆژانەكانیاندا دەردەكەوێت، هەموو ڕۆژێك، بەتایبەت لە وەرزى هاویندا، پلەكانى گەرما لە كاتژمێر حەوتى بەیانییەوە بە ١١٠ پلەی فەهرەنهایت دەگەیشت و بەدرێژاى ڕۆژ بەرەو سەرەوە هەڵدەكشا. سەربارى ئەوەش ئەندامانى هۆزەكانى ناوچەكە، بەهیچ جۆرێك پابەندى بڕیارەكانى دەوڵەت نەدەبوون، بەسوارى ئەسپەوە هەڵیاندەكوتایە سەر خێوەتەكانیان داواى باجیان لێدەكردن. چونكە ڕینۆڵدز هێزى چەكدارى نەبوو تا بەریان پێبگرێت، لە كۆتاییدا ناچاربوو ئەندامانى خێڵەكان وەكو پاسەوان دابمەزرێنێت و پارەیەكى

زۆر ببەخشێتە گەورەکانیان. بەلاَم ئەندامانی خێڵەکانی ناوچەکە هیچ کات جێگەی باوەڕ نەبوون، بە وتەی ڕینۆڵدزی ئەندازیارو بەرپرسی پرۆژەکە بە بەردەوامی هەڵیان کوتاوەتە سەریان و دووچاری پەستی و تووڕەبوونی زۆریان کردووە.(٤٥)

بەگوێرەی فێرەر سەرکردە سەرەکییەکانی هەرێمەکە سەرۆك عەشیرەتەکان بوون، کە بە گەورەو بچووکیانەوە، لەسەر شتی بێنرخ و کەم بایەخ، بەردەوام سەرقاڵی شەڕ و مشتومڕبوون لەگەڵ یەکتریدا، ناکۆکییەکانیان هەرچەندە ڕاستەوخۆ زیانی لە پرۆژەکەیان نەئەدا، بەلاَم دابینکردنی سوتەمەنی و خۆراکی پرۆژەکەی دەوەستان هەروەها کاریکردۆتە سەر پرۆسەی کێومالکردنی هەندێ لە زەوی و زارەکانی ئەو ناوچە، بۆ وێنە ڕۆزن پلانتەر لە ڕا پۆرتێکیدا لە ٢٦/حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٣ز، باس لە تۆڵەسەندنەوەو هێرشی تالاَنکەری عەشیرەتەکانی سەر بە عوسمانی دەکات، کە بە هۆیەوە لە کۆتا هەفتەدا، سەرتا پای ناوچەی باکوورو ڕۆژئاوای کامپەکە گرپگرتووە، لە حوزەیران و ئابیشدا، هێرش و پەلاماری تۆڵەسەندنەوەی خێلی ئەحمەدەوەند* بۆ سەر ناوچەکانی باکوورو ڕۆژهەلاَتی کەمپەکە، نەیهێشتووە کێومالی زەوییەکان بکرێت. لەمانەش گەورەتر بەشەڕهاتنی دوو خێڵ بوو، لە سەرەتاکانی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٤ز.دا لە ناوچەیەکی نزیك لە بیرە نەوتەکان، وایکرد خەڵکێکی زۆر ببێتە پەنابەری کەمپەکەیان و خۆیان و ماڵ و منداڵ و مەڕو ماڵاتیان لە کەشێکی ساردو باراناویدا بمێننەوە. بەلاَم دەرکەوتنی نەوت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو جادوویی لەو ڕۆژانەدا، بەدیاریکراوی لە ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٤ز.دا لە دووەم بیرە نەوتدا، کەشی ئاشتەوایی کۆمەلاَیەتی لەگەڵ خۆی هێنا، ئەوەبوو بەم بۆنەوە پێکهاتوون و بەئامادەبوونی ڕۆزن پلانتەر سوێندی ئاشتەوایی و دۆستایەتی هەمیشەیی لەنێوانیاندا خوراوە.(٤٦) هەڵبەتە دۆزینەوەی نەوت هەر ئەم سوودەی نەبووە، بەڵکو کاتێك نەوت بۆ یەکەم جار دەرهێنرا سوودەکانی ڕاستەوخۆ دەرکەوتوون، بۆ وێنە بەکارهێنانی نەوت لە بۆیلەردا وایکرد نرخی دار بەخێرای دابەزێت بۆ دوو لەسەر پێنچی نرخی پێشوو، هەروەها دزینی داری لە نێو کامپەکەشدا کەمکردۆتەوە! (٤٧)

هەڵبەتە ئەم ناوچەیە هەمیشە لە بەردەم کاریگەری پشێوی و نائارامی و تالاَنکردندا بووە، بوونی بیانییەکانیش لەو ناوچەیە مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کردبوو، جموجووڵی خێڵەکان شیاوی پێشبینیکردن نەبوو هەندێ جار هێزی سوارە، کە نەناسراوبوون بەو سنوورەدا تێدەپەڕین و خەریکی تالاَنیکردن و ئاژاوەنانەوە دەبوون یان بەناو لەوەڕگای عەشیرەتەکاندا تێدەپەڕین لە نزیك کانزای نەوتەکەدا، ئەمەش دەبووە جێگەی نیگەرانی و چەندین جاریش دووبارە دەبووەوە، بۆیە دواتر لەلایەن کۆمپانیای نەوتەوە هێزێکی(١٥٠) سوارەییان لە بەغدادەوە بە عەرەبانەو کەرەستەکانیانەوە هێناوەو لەو ناوچەیە بلاَوەیان پێکردوون، بۆ ئەوەی ڕێگرییکەن لەو جۆرە هاتووچۆیەو هەندێ دیاردەی ڕووتاندنەوەو دزیکردن، بەتایبەتیش لەسەر سنوورەکان، کە دەرفەتی هاتووچۆکردنی زۆرتری تیابووە،(٤٨) لەم ڕووەوە بەرپرسانی کامپەکە سکالاَی دزینی ئامێرو کەرەستەکانیان بردۆتە لای لێپرسراوانی کرمانشاه، کە ئاکام بەناوو وێنەوە دزەکانیان ئاشکراکردووە.(٤٩)

لە ساتەوەختی هەڵکۆڵیندا لە ناوچەی چیا سورخ ڕووداوگەلێکی زۆر ڕوویاندەدا، لەوانە ئاگرگرتنی چاڵی ژمارە یەك بوو، کە لە قولاَیی (١٦٦٥) پێ دروستبوو، ئەم ڕووداوە لە قولاَیی (١٧) پێ لە چاڵی ژمارە دووەمیش ڕوویدا، بەلاَم هیچ جۆرە مەترسییەکیان دروستنەکرد.(٥٠)

لە سەرەتای مانگی یانزەی ساڵی ١٩٠٣ز.دا، یەدەگی ئاوی خواردنەوە بۆ دوو سێ ڕۆژ زیاتر نەبوو. کۆگەی دار، کە بۆ گەرمکردنەوەی مەنجەڵی هەڵم سوودی لێدەبینرا بەردەوام دەدزرا، تەنانەت هەندێك جار مەنجەڵی هەڵمەکە

خراپ دەبوو و بۆرییەکانی ئاو بەهۆی ئەو ئاوەی هەڵیگرتبوو دوچاری ڕووشاوی دەبوو. نامەکان کە لە بەریتانیاوە دەهاتن بۆ هەندێك لە کارمەندانی تیمەکە، تەنها ئامرازێك بوو بۆ سوکنایی و ئارامی ئەو کارمەندانە، زۆر جار ئەویش مەیسەر نەدەبوو، لە ڕێگادا لەنێو دەچوون.( ٥١ )

بەدیویکی تریشدا تا دەهات تیمەکە دووچاری گرفتگەلێکی زۆرتر دەبوونەوە، پیسبوونی سەرچاوەی ئاوەکەیان گرفتێکی گەورەی بۆ درووستکردن، کە تەنها سەرچاوەیەك بوو لە ناوچەکەو بە هەزارەها کولە ڕوویان تێکردبوو، لاشە پەنەماوو مردارەبووەکەشیان تیادەمایەوە، کە زۆرێك لە کارمەندەکانی ئۆردووەکەی دووچاری تینوێتی و سکچوونی خوێنبەربوون کردبوو، لەوانە خودی ڕینۆڵدزو ڕۆزن پلانتەر، تەنانەت پزیشکە هیندییەکەشیان، هەروەها لەو شوێنەی کە خواردن و ئاوی لێدەگوازرایەوە بۆ چادرەکان نەخۆشی سوریژە بڵاوبوبوویەوە. سەرباری گرەو گەرمای جارسکەری ناوچەکە، وەك لە یاداشتی یەکێکیاندا هاتووە: "ئێستا ئێمە پێنج ئەورووپین، کە گەرما زۆر ئازارمان دەدات، دوێنی دۆخی ئیستوارت زۆر خراپبوو، من خانوویەکم لە بەردی گەورە بۆ هەڵکۆڵەرەکان درووستکردبوو، بەڵام گەرما لە ناو خانووەکەشدا دەگەیشتە ١٢٠ پلەی فەهرەنهایت، بەهۆی گەرمی شەوانەوە کارمەندەکان زۆر بەسەختی پشوویان دەداو کەم دەخەوتن، لەم دۆخەشدا ئێمە شەوو ڕۆژ لە چاڵەکاندا کاردەکەین".( ٥٢ )

بە پێچەوانەشەوە لە وەرزی زستانیشدا بارانی بەخوڕ هەندێ جار کێشەی قورسی بۆ درووستکردوون، بۆ وێنە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٤ز. دا ئاوی بارانی بەخوڕ، کە بە لێشاو دابارییوە، بووەتە هۆی داڕووخانی تەویلەکان و قوڕاوییبوونی سەقفە قامیشەکان، بەم هۆیەوە ناچاربوون هێسترەکانیان بۆ ناوچەی قەسری شیرین بگوێزنەوە.( ٥٣ )

هەڵبەتە تیمی کارکەران ڕۆژانە ڕوبەڕووی کێشەی تەکنیکی دەبوونەوە، لەوانە بۆ وێنە لە حوزەیرانی ساڵی ١٠٩٣ز. دا، لە کاتی کارکردنی ڕۆزن پلانتەردا لە چاڵی دووەم، کونکەرەکانی هەڵکۆڵەرەکە لە ئەنجامی بەرکەوتندا لەگەڵ بەردە سەخت و ڕەشەکاندا لە قوڵایی ( ١٢٩٢ )پێ شکاوە.( ٥٤ )

لەلایەکی ترەوە کێبڵەکان پەرش و بڵاوبووبوونەوەو هەندێکیان خراپ بوبوو یان شکابوون، سندووقی کەل و پەلەکانیان پارچە پارچە بوبوو، بۆری بۆیلەرەکان شەقیان بردبوو، سەرە درێڵەکان کە کاریان پێدەکرد لە زۆری کاپێکردنیاندا نیوداشت بوبوون، زوو زوو خراپ دەبوون، دیواری چاڵەکان دادەڕووخان، داری تەختە دەست نەدەکەوت، کەرەستەکان هەموو جارێك ڕێك نەدەبوون، زۆرێك لە کەرەستەکانی کارکردن گونجاو نەبوون، پشتوێنی سەلامەتی لە کاتی هێناندا لە کەشتیدا ونبوبوو، جارێکیان یەکێك لە ستوونەکان شکاو بەربوویەوە بەسەر کارمەندەکاندا، ئەگەری بڵاوبوونەوەی گازی بێ بۆن هەبوو، لەبەر ئەوەی شووشەی فانۆسی سەلامەتییەکە شکابوو، شووشەیەکی تری تێخرابوو گەورەتر لە قەبارەی خۆی، ئەمانە هەموو وایکردبوو کارەکان کۆششێکی زۆرتری بوێت و مەترسیدارتربن. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ڕۆزن پلانتەر هەمیشە لە چاکردنەوەی کەرەستەکاندا لێهاتووی خۆی پیشانداوە، ئەمە بەبێ بوونی ئامێری گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان. لەو میانەدا هەوڵیداوە بەرەو پێشچوونی تەکنیکی بکات، ڕێگا تەقلیدییەکەی هەڵکۆڵینی زەوی بەستون، کە پەستانی دەخستە سەر پارچەکان و دەیخستە قوڵایی زەوییەوە، گۆڕی بۆ ڕێگایەکی نوێتر، کە هەڵکۆڵینی بە کێبڵ بوو، ئەمەیان زۆرتر گونجاوتربوو.( ٥٥ ) هەر ئەمەش وایکرد کاتێك وەزیری هەڵبژێردراوی ئینگلیز سێر ئارتەر هاردنج-Sir Arthur hardinge سەردانی کامپەکەی کرد لە ٦/ تاوەکو ١١/ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٤ز. مایەوە، هەڵسوکەوتی ڕۆزن پلانتەری بەرز نرخاندو وەك یەکێك لە گەورەترین ڕابەری بارووداۆخە سەختەکان لە پرۆژەکەی دارسی، کە لە ناوچەیەکی دوور لە یاسادایە وەسفیکردووە.( ٥٦ )

## باسی چوارەم: نائومێدبوون و داخستنی چاڵە نەوتییەكان

كاتێك ڕۆزن پلانتەر لە راپۆرتێكدا، لە ٢٢/ ئاداری ساڵی ١٩٠٣ز. بوونی شوێنەواری نەوتی لە بیری ژمارە یەكی چیا سورخ ڕاگەیاند، زۆری پێنەچوو دارسی لە ٢١/ئایاری ساڵی ١٩٠٣دا كۆمپانیایەكی بەناوی ( Firrst Exploration Co. ) دامەزراند و بەناوی خۆیەوە تۆماریكرد، بەسەرمایەیەك، كە ڕێژەكەی (٦٠٠ )هەزار جونەیە بوو، كە بەسەر (٦٠٠ )هەزار پشكدا دابەشكرابوو، هەر پشكێك بە بەهای یەك جونەیە.( ٥٧ ) وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ كرد، دەبوو پاش مانگێك لە دامەزراندنی ئەو كۆمپانیای، كە وەبەرهێنانی جیاوگەكەی پێڕادەسپێردرێت، بڕی (٢٠ )هەزار جونەیە بداتە حكومەتی ئێران، هەروەها بڕی (٢٠ )هەزار جونەیهیش بەشێوەی پشك دەستلێهەڵبگرێت.

لە چیا سورخ هەوڵەكان بۆ دەرهێنانی نەوت بەردەوام بوون، چونكە دارسی بە بەردەوامی ئەوانی دەخستە ژێر فشارەوە، تاكوو هەرچی زووە نەوت دەستبخەن، وەك دەیگوت ( پێش ئەوەی بەلاَو نووشستی یەخەی هەمووومان بگرێت )، چونكە بڕی ( ٢٥٠٠٠٠ ) جونەیهی لە ناردنی كارمەندو كەرەستەكاندا بۆ ئێران و كاری هەڵكۆڵین لە چیا سورخ خەرجكردبوو. دەبوایە مافی (ۆوڵف-Wolff )یش بدات، كە یەكێك بوو لە هاوبەشەكانی و بۆ بەدەستهێنانی پارەكەی( مافەكەی ) ئارامی لێبڕابوو، بەهۆی نەبوونی بەرەوپێشچوون لە پرۆژەكەدا، لەگەڵ هاوبەشەكانی تریشیدا كێشەیان هەبوو، بەڕادەیەك ناچاربوو بەشێك لە پشكەكانی خۆی لە كانزای زێڕی مۆرگان وەكو بارمتە لە بانك دابنێ، تاكو بتوانێت پارە لە ژمارە بانكییەكەی ڕابكێشێت بۆ دانەوەی قەرزەكان و خەرجییەكانی لە چیا سورخ، تەنانەت بیری لە فرۆشتنی یانە تایبەتەكەی خۆی لە گۆرەپانی ئەسپسواریدا كردەوە.( ٥٨ )

لە كۆتایدا لە تەموزی ساڵی ١٩٠٣ز.دا، نەوت و گاز لە یەكەمین چاڵە لە قوڵایی ( ٥٠٧ ) مەتردا، بەرووبەرێكی كەم هاتەسەرەوە. بەلاَم زۆری پێنەچوو وشكی كرد،( ٥٩ ) هەرچۆن بێت پاش چەندین مانگ كاركردن، لە ١٤/كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٠٤ز. لە چاڵە نەوتی ژمارە دوو، لە هەمان قوڵایی و بەهەمان ڕێژەی چاڵی یەكەم، گازو نەوت دەرچوو، ڕۆژانە بڕی ( ٦٠٠ ) بەرمیل بەرهەمی هەبوو، كە هەر بەرمیلێكی بریتیبوو لە ٣٥ گالۆن.( ٦٠ )

بێگومان دەستڕاگەیشتن بە نەوت بۆ ڕینۆڵدزو هاوڕێكانی لە كامپەكە بووە مایەی خۆشحاڵییەكی زۆر، بەڕادەیەك كەوتنە بیری ئەوەی چاڵی سێیەمیش هەڵبكەنن( ٦١ )، لە بەریتانیاش دارسی بەشێوەیەك ڕایگەیاند كە "هەواڵێكی گرنگ لە ئێرانەوە دەبێتە یارمەتی گەورە بۆمن".( ٦٢ ) لەو ماوەشدا كە ئاماژەی بوونی نەوت لە چاڵەكاندا دەردەكەوێت، دوو ئەندازیار كە پێشتر لە دەوروبەری كەنداو و شووشتەر گەڕانیان هەبووە، سەردانی كامپەكەیان كردووە، سەفەرەكەیان ماوەی سێ مانگی خایاندووە، لە كاتی گەڕانەوەشیاندا بۆ بەریتانیا، ڕاپۆرتێكی چڕوپڕیان لەسەر هەبوونی نەوت لە ناوچەكە ئامادەكردووە.( ٦٣ )

بەلاَم خۆشبەختی دەستڕاگەیشتن بە نەوت، نە بۆ دارسی ، نە بۆ ئەندامانی پرۆژەی هەڵكۆڵینیش درێژەی نەبوو، چونكە ڕۆژ بەڕۆژ ڕێژەی نەوت ڕووی لە كەمی دەكرد، ڕۆزان پلانتەر كە دوچاری ڕەوانییەكی خوێنبەربوون ببوو و ئازاری بە نەخۆشییەكەیەوە دەكێشا، لە شكستی كارەكەی و شككردنی چاڵە نەوتییەكەدا دڵی شكابوو، بەگەشتێك گەڕایەوە ئەمەریكا، بەلاَم ڕینۆڵدز لە شوێنی خۆی لە چیا سورخ مایەوە.( ٦٤ )

دارسی بێ ئاگاداری ڕینۆڵدز، بۆ دەستخستنی هاوكاری مادی لەگەڵ كۆمپانیای ( Standard Oil of New jersey دەستی بە گفتوگۆ كرد، بەلاَم سەركەوتوو نەبوو.( ٦٥ ) دواتر چووە لای ڕۆتشیڵدز سەرمایەدارو خاوەن بانكی ناوداری فەرەنسی، گفتو گۆی نێوان دارسی و ڕۆتشیڵدز، لە كەشێكی بەهارە هەتاویدا بوو، لەسەر یەكێك لە

کەشتییەکانی ڕۆتشیڵدز لە شاری کان-ی فەرەنسی، بەدەم گیلاس خواردن و شەمپانیا هەڵدان و سەندویچ خواردنەوە بەڕێوەچوو، درووست لەو کاتەدا بوو کە ڕینۆڵدز لە چیا سورخ بەهەمان شێوەی ڕۆژن پلانتەری هاوکاری تووشی ڕەوانییەکی خوێنبەربوون بوبوو، بەکەمی دەپیەرژایە سەر هەڵکۆڵین و کارەکەی خۆی، سەگە ماڵیکەیشی لە ئەنجامی گرەبردندا مرداربوبووەوە، ئەوەش بۆ ڕینۆڵدز زۆر دڵهەژێن بوو. هەرچۆنێك بێت ڕۆتشیڵدز هیچ هەوڵێکی بۆ کڕینی جیاوگی دارسی نەدا، بەلام دەسەلاتدارانی بەریتانیا لەوە نیگەران بوون، کە دارسی پشکەکانی خۆی بفرۆشێت بە ولاتی فەرەنسا، ئەم نیگەرانییەش لە جێگەی خۆیدا بوو، هەر بۆیە نوێنەری خۆیان نارده لای دارسی و داوایان لێکرد، بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆریای بەریتانی لەبەرچاو بگرێت و دەستی پێویستی بۆ ولاتێکی بێگانە درێژ نەکات، هەر پێویستییەکی مادیشی هەیە با لەگەڵ حکومەتی ولاتەکەیدا خۆیدا تاوتوێی بکات، ئەوەبوو دارسی بەم داواکارییە قایلبوو.( ٦٦ ) لە ڕاستیشدا گرنگیدانی دەسەلاتدارانی ئینگلیز بە جیاوکی دارسی و هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی نەوت، لە سەردانەکەی هاردینگ-ی وەزیری هەڵبژێردراوی ئینگلیز لە تاران بۆ چیا سورخ و مانەوەی لە کامپەکەیدا بۆ ماوەی یەك هەفتە، وەك لە تەوەرەکی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد بەڕوونی دەردەکەوێت. هەر بۆ خۆی هاردینگ، هاشێوەی هەندێ لە دەسەلاتدارانی تری ئینگلیز، سەرەتا گومانیان لە سوودو قازانجەکانی پرۆژەی نەوتەکە دەکرد، پێشیانوابوو بێجگە لە ڕوسەکان، کە ڕەنگە بۆ بلاوکردنەوەی هەژموونی خۆیان لە ئێران بەکارییهێنن و لەوێشەوە مەترسی گەورە بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە دروستبکەن، کێشە نابێت گەر جیاوکەکە بەهەر ولاتێکی تر بفرۆشرێت. بەلام ئەم سەردانیکردنەی هەم ئەم گومانەی نەهێشت، هەمیش ئەو بڕوایەی لا دروستبوو، کە دابینکردنی پارەی پرۆژەیەکی لەم چەشنە لە توانای تاکە سەرمایەدارێك بەدەرەو کەوتە هاندانی دەسەلاتدارانی لەندەن بۆ پاڵشتکردن لە دارسی.( ٦٧ )

بەلام کاتی خۆشبەختی دارسی هاتبوو، چونکە لە پاڵ هەوڵەکانی کۆمپانیاکەی دارسی دا بۆ دۆزینەوەی نەوت لە چیا سورخ، ڕووداوی تر هاتنە ئاراوە، کە بە قازانجی ئەو تەواوبوون. هەر لە ساڵی ١٨٨٢ز. کاپتنێکی هێزی دەریایی بەریتانی، پێشنیاریکردبوو سووتەمەنی کەشتییە جەنگییەکان، لە خەڵووزی بەردینەوە بگۆڕدرێت بۆ نەوت، چونکە کێشی خەڵووز زۆر بووە، بەکارهێنانی نەوتیش هێزی کەشتییەکان دووقات دەکاتەوە، دواجار هێزی دەریای بەریتانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم بیرۆکەی بۆ سەلمێندرا. لە ئەنجامی پێداگرییەکانی فیشەردا، گفتوگۆکانی سەبارەت بەم مەسەلە چڕتربوونەوە، لەگەڵ بوونیشیدا بە فەرماندەی یەکەمی هێزی دەریا- The First Sea Lord لە ساڵی ١٩٠٤ز. دەستبەجێ لیژنەیەکی بۆ تاوتوێکردنی بابەتی کارپێکردنی نەوت بۆ هێزی دەریایی دەستنیشانکردو داواشیکرد سەرچاوەیەکی دڵنیا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی کەشتیگەلی بەریتانی بدۆزنەوە.( ٦٨ ) ئەوەبوو لیژنەکە پشتگیریکردنی دارسی لەلایەن وەزارەتی دەریایەوە بەگرنگ و پێویست زانی، کە لەو ڕۆژگارەدا بەهۆی خەرجییە زۆرەکانییەوە لە گەڕان بەدوای نەوتدا، لە چیا سورخ بەرەو مایە پووچی دەڕۆیشت.( ٦٩ ).

بەلام نائومێدی ڕاستەقینە لە چیا سورخەوە سەریهەڵدا، پاش دوو مانگ لە دەستڕاگەیشتن بەنەوت، چاڵە نەوتی دووەمیش وشکی کرد( ٧٠ )، ڕینۆڵدزو هاوکارەکانی بە لە بەرچاوگرتنی ئەم دۆخە نوێیەی کە ڕوبەڕووی بوونەوە، دەبوو لەڕا پۆرتێکدا دارسی ئاگاداربکەنەوە.( ٧١ )

ئەرك و مەسرەفەکانی کاری گەڕان و هەڵکۆڵین لە چیا سورخ گەلێك زۆربوو، سەرباری هەموو نەهامەتییەکانیش دارسی و هاوکارەکانی بەنیاز نەبوون بە دەستبەتاڵی ئێران جێبهێڵن، دەبوو چانسی خۆیان لە جێگەو شوێنی تر

تاقیكەنەوە، بەلأم دەبوو سەرەتا شوێنێكی نوێ بۆ كاركردن بدۆزێتەوە، شوێنێك كە پێدەچێت لە لەندەنەوە پێشنیاركرابێت.( ٧٢ ) بۆ ئەم مەبەستە ڕینۆڵدز سەرباری هەموو مەترسییەكان، بەهۆی شەڕو ناكۆی نێوان خێڵەكانەوە، لە سەرەتاكانی ساڵی ١٩٠٤ز. دا گەشتێكی درێژی بۆ ناوچەكانی باشووری ئێران دەستپێبكرد لەوانە: بەهبەهان، شاردین، مسجد سلێمان، شووشتەرو چەند ناوچەیەكی تر، لەم گەشتەدا ڕینۆڵدز لەگەڵ خانەكانی بەختیاری گفتوگۆی كرد.( ٧٣ ) بە ئامانجی هەڵكۆڵین و دەرهێنانی نەوت لەو زەوی و زارانەی لەژێر دەسەلأتیاندابوو، كە بەراورد بە چیا سورخ، ناوچەكانی بەختیاری نزیكترە لە كەنداو، ئەگەر نەوتی تیا بدۆزرێتەوە تێچووی گواستنەوەكەی بۆ بەریتانیا كەمتر دەبێت.( ٧٤ )

ڕینۆڵدز لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٤ز. دووبارە گەڕایەوە بۆ لەندەن( ٧٥ )، ڕێك لە كاتێكدابوو كە دارسی بۆ چارەسەركردنی كێشە داراییەكانی لەگەڵ كۆمپانیای نەوتی بۆرمای ئینگلیزی گفتوگۆی دەكرد، وەزراەتی دەریایی بەریتانی پاڵپشتی لە دارسی دەكرد، بۆیە كۆمپانیای نێوبراویان هاندا تا لەگەڵی ڕێكبكەون، بۆ ئەوەی جیاوكەكەی نەكەوێتە دەست ئەمریكییەكان. ( ٧٦ ) لەكۆتایدا پاش گفتوگۆیەكی درێژخایەن، لە ئایاری ساڵی ١٩٠٥ز.دا، دارسی هاوڕێ لەگەڵ سەرمایەدارێكی ئینگلیزی تر بەناوی لۆرد ئستراتكۆنا و كۆمپانیای نەوتی بۆرمای ئینگلیزی، (سەندیكای جیاوكەكان)یان دامەزراند، كۆمپانیای نوێ لە هەمان ساڵدا ڕێكەوتنێكی لەگەڵ خانەكانی بەختیاری واژووكرد، بۆ ئەوەی كاری پشكنین و هەڵكۆڵین لەو زەوی و زارانەی لە سنووری دەسەلأتیاندابوو ئەنجام بدەن.( ٧٧ )

یەكەمین هەنگاوەكانیشی بەوە دەستپێكرد، كە كارەكان لە چیا سورخ ڕابگرن و تەواوی ئامێرو پێداویستییەكانی كار كە تیایدا بوو بگوێزنەوە بۆ ماماتین، لە نزیك ڕامهورمز لە باكووری ئەهواز.( ٧٨ ) ئەمە لە كاتێكدابوو كە قولأیی بیری ژمارە یەك لە ٦/ئایاردا گەیشتبووە ٢٣١٥ پێ، بیری ژمارە دوویش لە ٢٣/حوزەیراندا، كە لەلایەن (ئەی.دەبلیو.بی هۆلاند-A.W.B.Holland )وە ڕاگیرا قولأییەكەی گەیشتبووە ١٣٨٤پێ.( ٧٩ )

ڕینۆڵدز كە لە ٢ی ئایاری ساڵی ١٩٠٥ز. ئینگلتەرای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ئێران، پێش هەر شتێك دەبوو ئامێرو كەرەستەكان، كە لە چیا سورخ بوون لە تەمووزەوە بۆ گواستنەوەیان ڕێكبخات( ٨٠ ) لە كۆتایشدا سەرجەمی ئەو ئامێرو كەرەستانە، كە نزیكەی چل تەنێك دەبوون بە پیادە برانە بەغداد، لەوێشەوە لە ڕێگەی ڕووباری دیجلەوە گۆاسترانەوە بۆ بەسرە، پاشان بۆ بەندەری موحەممەرە، دواجاریش بەكۆڵەسوارو هێستر، گواسترانەوە بۆ ئەو ناوچە نوێیەی كە دەبوو كاری هەڵكۆڵینی تیا دەستپێبكەن.( ٨١ )

## ئەنجام

پاش بەدەستهێنانی دارسی بۆ جیاوكی نەوتی ئێران، ڕاستەوخۆ چیا سورخ دەبێتە یەكەمین ناوچە لە تێكڕای ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا، كە تیمێكی ئەوروپی كاری گەڕان و هەڵكۆڵینی تیا ئەنجامبدات، بە قولأییەك كە بۆ ئەو ڕۆژگارە كەم نەبووە، ئەویش قولأیی( ٢٣١٥ ) پێ بووە.

سەرجەمی ئەو ئەندازیارو كرێكارانەی، كاریان لە پرۆژەی هەلكۆڵین و دەرهێنانی نەوتی چیا سورخ دا كردووە بیانی بوون، خەڵكی ناوچەكە كە زۆرینەی هەرە زۆریان كورد بوون، تەنها كارە خزمەتگوزاری و ئەمنییەكانیان پێ ڕاسپێردراوە، چونكە هیچ سەروكارو ئاشنایەتییەكان لە بواری هونەری نوێی دەرهێنان و هەڵكۆڵینی نەوتدا نەبووە.

تیمی كاركەران ڕوبەڕووی كێشەو گرفتی سرووشتی و كۆمەلأیەتی و تەندرووستی و هونەری زۆر بوونەتەوە، لەوانە كەش و هەوای گەرمی ناوچەكە، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، ناكۆكی خێڵەكان و فشارە جۆراوجۆرەكانیان بۆ

سەر كەمپەكە، پیسبوونی تاقە سەرچاوەی ئاوی ناوچەی چیا سورخ و لە كۆتایشدا نەخۆشكەوتنی سەرجەمی ئەندازیارو كرێكارەكان. بەڕوویەكی تریشدا داڕزانی ئامێرو كەرەستەكانی هەڵكۆڵین و دەستڕانەگەیشتنیان بە ئامێرو كەرەستەی نوێ، بەهۆی دووری چیا سورخ-وە لە دەریا، هەروەها زۆری تێچوون و خەرجییەكان، لە ئەنجامی هەڵكۆڵین بۆ ماوەیەكی زۆر، لە كۆتایشدا وشككردنی چاڵە نەوتییەكان، وایكرد دارسی و هاوكارەكانی نائومێدبن و لە كۆتایشدا بڕیاربدەن چاڵەكان دا بخەن و كاری گەڕان و هەڵكۆڵین لە ناوچەیەكی تری ئێران تاقیبكەنەوە.

بەدیویێكی تریشدا ئەگەرچی دارسی و سەرمایەدارە هاوكارەكانی نەیانتوانی سوود لە نەوتی چیا سورخ وەربگرن، بەڵام بوونی نەوت لەم ناوچە بەگشتی كاریگەری لەسەر گۆڕانكارییە سنوورییەكانی ساڵانی داهاتوو بەجیهێشت، كە لە پرۆتۆكۆلی ئەستانەی ساڵی ١٩١٣ز.دا هەردوو دەوڵەتی عوسمانی ئێرانی لەسەری ڕێككەوتن و تیایدا چیا سورخ بوو بە بوشێك لە خاكی عوسمانی.

## سەرچاوەو پەراوێزەكان:

*ئێران بەمانای وڵاتی ئارییەكان، ئەم ناوە لە (٢٢ی ئازاری ساڵی ١٩٣٥)، بەبڕیارێكی ڕەزا شا جێگەی وڵاتی فارس- پارسی گرتەوە، كە زۆرجار سەرچاوە بیانییەكان بەم ناوەی دواییەوە ئاماژەیان بۆ ئەم وڵاتە كردووە.

**چیا سورخ، كە خەڵكی ناوچەكە بە چیا سوور، بەواتای كێوی سوور ناوی دەبەن، لە بەڵگەنامە فەرمییەكانی ئەو قۆناغە بە (چقا سرخ) ناوبراوە، وشەی چقا پێشگری ناوی چەندین گوندو ناوچەیە لە دەوروبەری كرمانشا، كە بە مانای گردی دەستكرد یا ن دروستكراو دێت، وەك دیارە ئەم گردانە پاشتر شێوەی گوندیان لەخۆگرتووە، كە چیا سووریش یەكێكە لەوانە. ئەم گوندە یەكێكە لەو دەیان گوندانەی، كە بە مەودایەك كە زۆر نییە لە نزیك ناحیەی قۆرەتووی سەر بەخانەقین هەڵكەوتووە، كە لە هەموو ڕوویەكەوە نزیكترین ڕێگای سنوورییە، كە كرمانشا بە بەغدادەوە دەبەستێتەوە. بڕوانە: منصورە اتحادیە(نظام مافی)، اسماعیل شمس، سعید روحی، نفت چیا سرخ كرمانشاە، چ١، (تهران، ١٣٩٦)، ص ص٣٧-٣٨.

١-بۆ زیاتر بڕوانە: ژاگ دمۆرگان، كوردستان لە لێكۆڵینەوەكانی ژاك دمۆرگاندا، و. د. سەعید خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، چ١، (سلێمانی، ٢٠١٢)، ل ل ١٠٦-١٠٧. محمد امیر شیخ نوری، تاریخ نفت در ایران و خاورمیانە، چاپ دووم، انتشارات دانشگاە پیام نور، تهران، ١٣٨٨، ص٢٠

٢-ناظم یونس الزاوی، التاریخ السیاسی لامتیازات النفط فی ایران ١٩٠١-١٩٥١، اطروحة دكتوراه قدمت الى مجلس كلیة التربیة فی الجامعة المستنصریة سنة ١٩٩٩، ص٢٣.

*** كاوست سەركیس كۆڵبێنكیان: گەورە ڕاوێژكاربوو لە وەزارەتی دارایی دەوڵەتی عوسمانیدا، ساڵی ١٨٩٠ لە ڕاپۆرتێكی وردا سەرنجی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٧٦-١٩٠٩) ر بۆ كێڵگە نەوتییەكانی مسیۆپۆتامیا ڕاكێشا، نێوبراو لە ساڵانی دواتردا ڕۆڵی زۆر گرنگ گێڕاوە لەو وتووێژانەی كە دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی جیاوكی نەوت لەگەڵ كۆمپانیا بیانییەكاندا كردوویەتی، لە نهێنییەكانی سیاسەتی دەرەكیدا بێئەندازە لێهاتووبووە، دواتر بەنازناوی تالیرانی دیپلۆماسیەتی نەوت و مستەر لە سەدا پێنج ناسراوە. بۆ زیاتر دەربارەی گۆڵبێنكیان بڕوانە:حكمت سامی سلیَمان، نفط العراق، دراسة سیاسیة اقتصادیة، دار الیقظة العربیة، (دمشق، ١٩٥٨)، ص ص ٤٣-٤٤.
هەروەها: ژاك دولونە، ژان میشل شارلیە، اسرار نفت، ترجمە. ژالە عالیخانی(باستی)، چ١، (تهران، ١٣٤٦)، ل ل ٦٦-٦٨

٣-أندره نوسشی، الصراعات البترولیة فی الشرق الاوسط، ت. اسعد محفل، بیروت، ١٩٧١، ص ٢٩. دلشاد عمر عبدالعزیز، نەوتی كەركوك و ململانێی زلهێزەكان(١٨٩٠-١٩٢٧)، چ١، (كەركوك، ٢٠١١)، ل٩٣.

****ولیەم نۆكس دارسی(١٨٤٩-١٩١٧ز): لە (١١)ی تشرینی یەكەمی ساڵی (١٨٤٩)، لە شاری نیوتن ئابوت-ی بەریتانی، لەدایكبووە، لە ساڵی (١٨٦٦) بەخاوخێزانەوە كۆچیانكردووە بۆ ئوستورالیا، لەوێ یاسای خوێنیدووە و ماوەیەك لەگەڵ باوكیدا پارێزەری كردووە. لە ساڵی (١٨٨٢)، لەگەڵ برایان مۆرگان تێكەڵ بەكاری دەرهێنانی كانزای زێر بووە، دوای ساڵێك دەبێتە بەڕێوبەری كۆمپانیای ( Gold Mining

Mount Morgan)، دوای چەند ساڵێك بەدەوڵەمەندی گەڕاوەتەوە بۆ بەریتانیاو تێكەڵ بەكارو پڕۆژە بانكی و سەرمایەدارییەكانی تر بووە. بۆ زیاتر دەربارەی ژیانی دارسی، بڕوانە: Benjamin Shwadran, The Middle East, Oil and Great powers, New york, 1959,p.15.

٤-جواد العطار، تاريخ البترول فی الشرق الاوسط ١٩٠١-١٩٧٢، (بيروت، ١٩٧٧)، ص١٥.

جێی ئاماژەیە هۆكاری سەرەكی ئەم پێداگرییەی كیتابچی، زیاتر ڕەهەندی سیاسیی-مەزهەبی هەبوو تا بنەمای بینین و سەرنج و تێبینییەكانی زەوی ناسی، كتابچی پەیوەندییەكی نزیكی لەگەڵ هەندێك لە ڕۆحانییەكان(مەزهەبییەكان)دا هەبوو، دەیویست بۆ بەرژەوەندی خۆی سوود لەم پێگە ببینێت، بەم هۆیەشەوە داوای هاوكاری لێكردن و پێشنیاریكرد، كە دۆزینەوەی نەوت لە ئێران بەزیانی عوسمانی سونی مەزهەب تەواودەبێت، كیتابچی بەشێوەیەكی فێڵبازانە دەرەنجامی ئەمەی لە خزمەت ئێران و بەریتانیا خستەڕوو، هەروەها بەڵێنیدا لەم بارەیەوە هانی دارسی بدات. بڕوانە: منصور كشفی، سیر صنعت نفت در ایران و خاورمیان، چ١، تهران، ١٣٦٠، ص٧.

٥-سليم طه التكريتي، معركة النفط فی ايران، ج١، (بغداد ١٩٥٣)، ص٩

٦- همايون مطيعی، زمين شناسی ايران: زمين شناسی نفت زاگرس، ج١، (تهران ١٣٧٤)، ص١٥.

٧- مصطفی فاتح، پنجا سال نفت ايران، شركت سهامی چاپ، (تهران، ١٣٣٥)، ل ل ٢٥٢-٢٥٣ ،

8-Fereidum Fesharaki, Development of the Iranian Oil Industry: International and Domestic Aspects, U.S.A, 1976, p. 5.

٩-ژاك دولونە، ژان میشل شارلیە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

١٠- بۆ زانینی هەموو بڕگەو خاڵەكانی ئەم چیاوكە بڕوانە: عبدالحميد العلوجی، خضير عباس اللامی، الاصول التاريخية للنفط العراقی، ج١، (بغداد ١٩٧٣)، ص ص ١٠٣-١٠٨ ، منصور كشفی، سەرچاوەی پێشوو، ص ص ١٠-١١، سليم طه التكريتی، المصدر السابق، ص ص١٦-٢٠.

١١- ژاك دولونە، ژان میشل شارلیە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

١٢- دلشاد عمر عبدالعزيز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦

١٣-محمد امير شيخ نوری، سەرچاوەی پێشوو ١٣٨٨، ل٢٢.

١٤- ڕوسیاو بەریتانیا لە ٣١ی ئابی ئەو ساڵەدا ڕێكەوتنی گرای-ئەسفۆلسكی-یان واژووكرد، بەگوێرەی ئەم ڕێكەوتنە ناكۆكییە نێوانیان سەبارەت بە ئەفغانستان، تبت و ئێران چارەسەكرد، تیایدا ڕێككەوتن لەسەر ڕێزگرتن لە سەربەخۆی سیاسی ئێران، پاراستنی ڕژێمی قاجار لە ڕوبەڕووبونەوەیدا دژ بە دەستوورییەكان، هەروەها بەرگرتن لە مەترسییەكانی ئەڵمانیا، بەو چەشنە ئێرانیان دابەشكرد بۆ سێ ناوچە، ناوچەیەكی هەژموونی ڕوسی لە باكوور، ناوچەیەكی هەژموونی بەریتانی لە باشوور و ناوچەیەكی ناوەند بۆ پاشای قاجار. بۆ زیاترو ناوەڕۆكی خاڵەكان بڕوانە: علی اصغر شميم، ايران در دوره سلطنت قاجار، چ٣، (تهران، ١٣٧١)، ص ص ٤٧٧-٣٨٥.

١٥- دلشاد عمر عبدالعزيز، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٩٨-٩٩

١٦-سليم طه التكريتی، المصدر السابق، ص ص١٤-١٥.

١٧- ناظم يونس الزاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٨-٢٩ ، دلشاد عمر عبدالعزيز، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

١٨-عبدالله غفور، جوگرافیای ئابووری، نەفت لە كوردستاندا، چ٢، (سلێمانی ٢٠٠٢)، ل ل ٦٠-٦١.

19-www.iichs.ir

20-Ronald W.Ferrer, The History of the British Petroleum Company Vol.1, The Developing years 1901-1932, Cambridge 1982, p.54.

٢١- فرشيد خودادیان، جست و جو برای نفت از قصر شيرين اغاز شد، زندگی نو، نشريه ويژه بازشگام صنعت نفت، (ژمارە ١٨٦ی نیمە اول خرداد ١٣٩٣).

٢٢-علی يعقوبی نژاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

*عەزیز خانی كوڕی عەبدولڕەحمان خان: سەرۆك خێڵی جمور بووە، یەكێك بووە لە كاریگەرترین كەسایەتییە خێڵەكییەكانی سەر سنووری ئێرانی-عوسمانی، لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاكانی سەدەی بیستەم ، بە پێی فەرمانی دەوڵەتی ئێران ناوچەی قۆرەتوو كێڵگەو لەوەڕگاكانی دەوروبەری، هەروەها كانزاكانی نەوتی ئەو سنوورە خرابوونە ژێر چاودێری و موڵكداری ئەوەوە. (بڕوانە: نفت چيا سرخ كرمانشاە، بەڵگەنامەی ژمارە(٧٧)، ل ل ١٠٣-١٠٤. شوێنی نیشتەجێبوونی جمورو لقەكانیشی كەوتبووە نێوان جۆباری هەواسان لە باكوور،

ڕێگەی قەسری شیرین-کرماشان لە باشوور، گردۆلگەی داری دیوان و بێشکان لە ڕۆژهەلاَت و ڕووباری سیروان و بەرزاییەکانی ئاغ داغ لە ڕۆژئاوا. بڕوانە: مێجەر ئی. بی. سۆن، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروون و. نەجاتی عەبدوللاَ، (سلێمانی، ٢٠٠٧)، ل ل ٣٥-٣٦.

٢٣- علی یعقوبی نژاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

24- Ronald W.Ferrer, op. cit, p.57.

٢٥- علی یعقوبی نژاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٢-٥٣.

26- Ronald W.Ferrer, op. cit, pp. 62-64.

٢٧- بڕوانە :نفت چیا سرخ کرمانشاه، بەلگەنامەی ژمارە( ١٣)، ل٥٣.

٢٨- هەمان سەرچاوە، بەلگەنامەی ژمارە( ١١)، ل٥١.

٢٩- هەمان سەرچاوە، بەلگەنامەی ژمارە (١٦)، ل٥٥.

30- Ronald W.Ferrer, op. cit, pp. 64.

31- Ibid, p.78.

٣٢- نفت چیا سرخ کرمانشاه، بەلگەنامەی ژمارە (٢٠)، ل ٥٩

٣٣- هەمان سەرچاوە، بەلگەنامەی ژمارە( ٤٩-٥٠)، ل ٨٤.

٣٤-هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

٣٥- هەمان سەرچاوە، بەلگەنامەی ژمارە (٨١)ل ١٠٧

٣٦-هەمان سەرچاوە، بەلگەنامەی ژمارە( ٧٨)، ل ١٠٤

٣٧- عبدالحمید العلوجی، خضیر عباس اللامی، المصدر السابق، ص ١١٠.

٣٨- مصطفی فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٥٦-٢٥٧.

٣٩-فرشید خودادیان، سەرچاوەی پێشوو.

٤٠- بڕوانە: نفت چیا سرخ کرمانشاه، بەلگەنامەی ژمارە (١)، ل٤٥.

٤١- هەمان سەرچاوە، بەلگەنامەی ژمارە( ١٢)، ل٥٢

٤٢- لئونارد ماسلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤

٤٣- نفت چیا سرخ کرمانشاه، بەلگەنامەی ژمارە (٣٩)، ل٧٧

٤٤-هەمان سەرچاوە، بەلگەنامەی ژمارە (٣٤)، ل ٧٣.

٤٥- لئونارد ماسلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣

*ئەحمەدوەند: لقێکی عەشیرەتی هەمەوەندی گەورەیە، پاش یاخیبوونیان لە دەوڵەتی عوسمانی، لە ساڵی ١٨٦٥، بۆ پارێزگاریکردنی سنوور لەلایەن ئێرانەوە لە ناوچەی قەسری شیرین و دەشتی زەهاو جێگیر دەکرێن. ئەم خێلە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش، بەشێکی گرنگی ڕووداوو ناکۆکییە خێلەکییەکانی ناوچەی قەسری شیرین و دەوروبەری پێکدەهێنن. بۆ زیاتر بڕوانە: مەیجەر سۆن، سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، (سلێمانی، ٢٠٠٧)، ل ل١٣٣-١٣٧.

46 -Ronald W.Ferrer, op. cit, pp.64- 65

47- Ibid, p.64

٤٨- نفت چیا سرخ کرمانشاه، بەلگەنامەی ژمارە( ٧٠) ل ل٩٨-٩٩

٤٩- هەمان سەرچاوە، بەلگەنامەی ژمارە( ٩٥)، ل١١٧

٥٠- علی یعقوبی نژاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

٥١- هەمان سەرچاوە، ل ٥٥

٥٢- لئونارد ماسلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦ .

ژاك دمۆرگان، کە لە سەرەتای نەوتەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا سەردانی ئەم ناوچەی کردووە، ئاماژەی بۆ چۆڵی و گەرمای سەخت و تاقەتپڕوکێنی ناوچەکە کردووە، دەڵێت ئەم ناوچانە با گەرم و سووتێنەرەکانی باشووری ڕۆژئاوا دەیگرێتەوەو لە با فێنکەکانی باکوور

بێبەشە، جگە لە ئاوە سوێرو تاڵەکان نیانە، گەر کەسێك لە وەرزی هاویندا سەردانی ئەم ناوچەیە بکات خۆی دوچاری کێشە دەکات. بڕوانە: ژاك دومۆرگان، سەرچاوە پێشوو، ل١١٨.

53- Ronald W.Ferrer, op. cit, p. 65

٥٤- لئونارد ماسلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣

55-Ronald W.Ferrer, op. cit, p. 64
56-Ibid, p.64

٥٧- ناظم يونس الزاوي، المصدر السابق، ص٢٩.

٥٨- لئونارد ماسلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٤-٦٥ )

٥٩-مصطفى فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥

60--Ronald W.Ferrer, op. cit, p. 65

٦١- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە ( ٦٣ )، ل٩٣.

٦٢- بڕوانە: علی یعقوبی نژاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

٦٣- بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ( ٨٨ )، ل ل١١٢-١١٣

٦٤- لئونارد ماسلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥ )

٦٥- جواد العطار، تاريخ البترول فی الشرق الاوسط ١٩٠١-١٩٧٧، ص ص ١٦-١٧

٦٦- لئونارد ماسلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٦٥-٦٦.

67-- Ronald W.Ferrer, op. cit, p. 60

٦٨-علی اصغر شمیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٥

69-David G. Edens, Oil and Development in the Midlle East, U.S.A. 1979. P.14.

٧٠-علی یعقوبی نژاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

٧١-مصطفى فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦

72- Ronald W.Ferrer, op. cit, p. 66

٧٣-گروه تاریخ و اقتصاد، عزیمت رینولدز به ایران، روزنامه دنیای اقتصاد، ( شماره ٣٦٥٦ یەکشنبه ٢٩/اذر ١٣٩٤ )، ص ٣٠.

٧٤-اندره نوسشی، المصدر السابق، ص٣١.

75- Ronald W.Ferrer, op. cit, p. 69

٧٦- علي معجل خلف عودة الشعيبي، شركة نفط خانقين المحدودة، رسالة ماجستير قدمت الى مجلس كلية التربية ابن رشد-جامعة بغداد سنة ٢٠٠٢، ص ص ١٥-١٦.

77-Stephanie Cronin, The politics of Debt: The Anglo-Persian oil Company and the Bakhtiari Khans(Middle Eastern studies, Vol.40, No.4. july 2004, p.3

٧٨-مصطفى فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦.

ماماتێن ١٣ کم لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ڕامهورمزەوە دوورە، لە ٢٢ ئابی ساڵی ١٩٠٦ کاری هەڵکۆڵینی تیا ئەنجامدرا، پاش سێ هەفتە لە قوڵایی ١٢٠ پێ گەیشتنە ئاو، ناچار بنەو بارگەیان گواستەوە بۆ ناوچەی شاردین، کە هیچ ئارەزووی ڕینۆڵدزی تیا نەبوو، لەوێش دوو بیریان بە قوڵایی نزیکەی ٢٠٠٠ پێ لێدا، بەڵام لە هیچیاندا نەوت نەبوو، ئەمجارەیان چوون بۆ ناوچەی مەیدانی نەفتوون، شوێنێك کە ڕینۆڵدز چاوەڕوانی دەکرد نەوتی تیا بدۆزنەوە، جێی ئاماژەیە سەرەنجام ڕینۆڵدزو هاوکارەکانی پاش خەرجێکی زۆر کۆشش و ماندووبوونێکی گەورە، لە پڕێکدا لە ٢٦/ئایاری ساڵی ١٩٠٨ نەوتیان لەم ناوچەیە دۆزییەوە. بۆ زیاتر بڕوانە:

79- Ronald W.Ferrer, op. cit, p. 66
80- Ibid, p. 74
81-Daniel Yargin, The prize, The epic quest for oil, money, and power, New York, 1991, p. 142.

# Darcy's Concession and Drilling in Chia Surkh (The First Oil Field in the Middle East)


## Abstract

After publishing of the geographical researches by the French scientist and archeologist Jack De Morgan in 1892, the name of "Chia Surkh" came into existence as one of the richest areas for having oil in its undergrounds, and became an important part of the plans of those who wanted to overcome it.

When the British businessman William Nocks Darcy attained the privilege of Iranian oil in 1901, exploration and then drilling for oil had started in Chia Surkh by the group which constructed by Darcy himself. So, this isolated area in Garmaser (Khanaqin Area) became the first field to explore oil and to encounter with a European team.

Thus, the research is devoted to elaborate the story of Darcy's achievement of the oil privilege and the group that began drilling oil in Chia Surkh. Furthermore, the research also discusses the problems, the obstacles, the hopelessness, and giving up the process of searching for oil after nearly two hundreds year of hard working in the area.